# رۆڵی رۆبۆتەک

**زۆرجار لە فیلمە خەیاڵییە زانستیەکاندا دیتووتانە کە رۆبۆتەکان دەستیان بەسەر گۆی زەویدا گرتووە و هەموو شتێکیان هێناوەتە ژێردەسەڵاتی خۆیان. ئەگەر جیهان بەو خێراییە بڕواتە پێش، هیچ دوور نییە لە ئایندەیەکی نە زۆر دووردا ئەو خەیاڵە ببێتە راستی..**

**رۆبۆتەکان ئێستاکە لە زۆر شوێندا رۆڵ و جێگایان هەیە، بەڵام پێچەوانەی فیلمەکان نەتەنیا زیانیان بۆ**



## تۆمبۆت سەگە رۆبۆتەکە

تۆمبۆت (Tombot) رۆبۆتێکە لە ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن بەڕێوەبەرێکی کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژیا بەرهەمهاتووە، «تۆم ستیۆنز» ئەو رۆبۆتەی بۆ دایکی دروستکرد کە تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە (زەهایمێر) ببوو. چونکە دوای ئەو نەخۆشییە نەیتوانی ئاگاداری خۆی و سەگەکەی بێ.

رۆبۆتەکە دیزاینەکەی رێك وەك سەگێك دەچێ. بە هۆی ئەو هەستەوەرانەی تێیدایە وەڵامی دەستپێدانانی بەکارهێنەرەکەی دەداتەوە. بەدەنگیش دەکرێت فەرمانی پێ بکرێ. کاتێك داوای لێبکەی قسەش دەکا. کاتێك ناوی خۆی دەبیسێ دڕکردەوە لەخۆی نیشان دەدا. بەهۆی ئەو دەنگانەی تێیدا تۆمار کراوە لە گوجولەیەکە هەتا سەگێکی گەورە لاسایان بکاتەوە.



## خاتوو رۆبۆتی (ئۆری هەیم) و ئەرکەکانی

رۆبۆتی (Orihime) بیچم و روخساری وەك ژنێکی خزمەتگوزار دەچێت، هەڵسوکەوتیشی نەرم و هێمن و لەسەرخۆی ژنانەی هەیە. ئێوە دەتوانن خاتوو ئۆری هەیم بە سوود وەرگرتن لە مۆبایلە زیرەکەکان لە هەر شوێنێك لە جیهاندا بێ کۆنترۆڵ بکەن و گوێی لێبگرن و فەرمانەکانتان جێبەجێ بکا.

رۆبۆتەکە وەرگیراوە لە دەمامکێکی ژاپۆنی بە ناوی (نە)! ئەرکەکانی رۆبۆتەکە چین؟

ئەگەر قوتابییەك بەهەر هۆیەك نەتوانێ بچێتە قوتابخانە، رۆبۆتەکە لەبری ئەو دەچێ و لەگەڵ هاوڕێیەکانی قوتابییەکە پەیوەندی دەگرێ و گوێ لە مامۆستا دەگرێ و پاشان بە وردی ئەوەی فێری بووە بۆ قوتابییەکەی باس دەکات.

ئەگەر کەسێك لەماڵ دوور بکەوێتەوە، دەتوانێ بەهۆی رۆبۆتەکە لەبری ئەو ماڵەوە بێت و سەیری تیڤی بکات و قسە لەگەڵ ئەندامانی ماڵەوە بکات و ئاگاداری منداڵ یان ئاژەڵی ماڵەوە بێت. تەنانەت ئەو کەسانەی تووشی کەم ئەندامی و فەلەج بوونە دەتوانن بە جوڵەی چاوەکانیان رۆبۆتەکە کۆنترۆڵ بکەن.

لە کافتریا و ریستورانتەکاندا کار دەکات و خزمەتی میوانەکان دەکات.

# ـــــــان له داهاتوودا

**مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو خزمەتێکی بەرچاو بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەیەنن. لە هەموو بوارێکدا خزمەتی بەرچاویان دیارە. لە بواری سوپایی و نیزامیدا، لە بواری پزیشکی و تەندروستیدا، هەروا بوارەکانی پەروەردە و هونەر و سینەما و شوێنە خزمەتگوزارییەکانی وەك هۆتێل و کافتریا و هۆڵە وەرزشیی و...تاد. ئەمەی خوارەوە رۆڵی چەند رۆبۆتێکە کە هەرکامیان لە بوارێکدا چالاکن..**

## لۆڤۆت رۆبۆتی عەشق و ئەوین



رۆبۆتی لۆڤۆت «Lovot» ئامێرێکی بچووکە کە دروستکراوی ژاپۆنە، بەقەد منداڵێك دەبێ. ئەو رۆبۆتە باشترین خەڵاتی رۆبۆتی لە پێشانگای ساڵانەی CES2019بەدەستهێنا. ناوی رۆبۆتەکە واتە (لۆڤۆت) لە دوو وشەی (love) واتە عەشق و Robot وەرگیراوە. لە بەرهەمهێنانی ئەو رۆبۆتەدا لە هۆشی دەستکردی AI سوود وەرگیراوە. لە دیزایندا وەك پەنگوئین دەچێ. لۆڤۆت بۆ پەیوەندی و هەست دەربڕین بەرهەمهاتووە. کاتێك لە بەکارهێنەرەکەی لە ئامێزی بگرێ دەخەوێت و کاتێك بەکارهێنەرەکەی بانگی بکا بەدوای دەکەوێ. ئەرکێکی ئەو رۆبۆتە ئەوەیە کە چاودێری منداڵان دەکا یان چاودێری ماڵەوە دەکا. کاتێك بەکارهێنەرەکەی لە دەرەوەی ماڵەوەیە دەتوانێت بە ئەپێکی سەر مۆبایلەکەی پەیوەندی لەگەڵ رۆبۆتەکەی بگرێ و ئاگاداری ماڵەوەی بێت.



## رۆبۆتی کارۆبۆت زۆر ئەرک ئەنجام دەدا

رۆبۆتی جۆری (care-o-bot) دروستکراوی ئەلمانیایە. شێوەکەی وەك ئینسان دەچێت، بەڵام زۆر نا، سەرێکی خڕ و دوو دەست و چەند سینیەك و پێیەکی هەیە. کارەکانی وەك گەیاندنی خۆاردن بۆ سەرمێز لە ریستۆرانتەکان، خواردنەوە و دەرمان لە خەستەکانەخان و کارو ئەرکی چێشت لێنان و خاوێنکردنەوە ئەنجام دەدا. لە گرتنی پەیوەندییە ڤیدیۆیی و دەنگییەکان یارمەتی بەکارهێنەرەکەی دەدا.



## کێبڕکێی فۆرمۆلە لە ئاسماندا!

یەکەم فرینی ئۆتۆمبیلی فڕۆکی تایبەت بە فۆرمۆلە تاقیکرایەوە و فڕۆکەی جۆری Mk3 Airspeeder لە ئوسترالیادا کە بۆ ئەم مەبەستە بەرهەمهاتووە لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوو.

ئۆتۆمبیلی ناوبراو خێراییەکەی نزیکە لە فڕۆکەیەکی ئاسایی و لە ماوەی کەمتر لە سێ چرکەدا خێراییەکەی دەگاتە ٢٥٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا.

ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکە هەشت مۆتۆری لەسەرە. بڕیار وایە کۆتایی ئەمساڵ لە کێبڕکێی فۆرمۆلەدا بەشداری بکا.

بڕیار وایە ٤ گرووپ بە دە ئۆتۆمبیلی فڕۆکە لە کێبڕکێی فۆرمەڵەدا بە کۆنترۆڵ لە ڕێگای دوورەوە بەشداری بکەن. دیارە ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکان بەبێ فڕۆکەوان دەبن و تەنیا کۆنترۆڵ دەکرێن و لە ساڵی ٢٠٢٢دا فڕۆکەوان دەتوانن ئۆتۆمبیلەکان لێبخورن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز ئایا دەکرێت لەکاتێکی دیاریکراودا کۆمپیوتەرەکەم بکوژێنمەوە؟ بۆ نموونە شەوانە خۆی لەخۆیەوە کاتژمێری ١٢ بکوژێتەوە؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز گەلێك ڕێگا هەن بۆ ئەوەی لەکاتێکی دیاریکراودا کۆمپیوتەرەکەت بکوژێنیەوە. یان ریستارتی بکەیەوە. بەڵام ڕەنگە بۆ ئەوانەی زۆر شارەزا نین شێوازەکانی کوژاندنەوە بڕێك ئاسان نەبێت، بۆیە وا باشە پرۆگرامۆکەی Shutdown Timer Classic دابەزێنی، ئەم پرۆگرامە بەمەبەستی کوژانەوەی کۆمپیوتەر لەکاتێکی دیاریکراودا چێکراوە. بەکارهێنانی زۆر ئاسانە و هەرکە کردتەوە ڕێکەوتی کوژانەوەی کۆمپیوتەرەکەی بۆ دیاری دەکەی، دوای ئەوە لەکاتی دیاریکراودا دەکوژێتەوە.

## شەحنێکی بچووک بۆ زۆربەی ئامێرەکان

لەم سەردەمەدا لە هەر ماڵ و شوێنێك چەندین ئامێری لێیە کە پێویستیان بە بارگاوی کردن و شەحن هەیە. وەك کامێرا، مۆبایل، لاپتۆپ، چاویلکە، هیدفۆن...تاد. بۆ هەرکام لەو ئامێرانەش پێویستە شەحنی تایبەت بەخۆیان هەبێ. ئەو هەموو ئامێری شەحنکردنەوەش بەتایبەتی ئەگەر گەشت بکەی دەبێتە کێشە و شوێنێکی زۆر دەگرێ. کۆمپانیای ریزەر لەم ماوەیەدا ئامێرێکی بارگاوی کردنی بەرهەم هێناوە کە بۆ زۆربەی ئامێرەکان دەگونجێت و لەیەك کاتدا دەتوانرێ ٤ ئامێری لێکجیای پێ شەحن بکرێتەوە.

شارژێری جۆری GaN کە توانای ١٣٠ واتی هەیە و لەیەك کاتدا دەتوانرێ، تەبلێت، لاپتۆپ و مۆبایل و کاتژمێری پێ شەحن بکرێتەوە. کێشی ئامێرەکەش کەمە و تەنیا ٣٥٠ گرامە. دوو ڕەنگی سپی و ڕەشی هەیە و دەکرێت بۆ لاپتۆپی ویندۆز یان سیستەمی ماك بێت.






## وەشانی ویندۆز ١١ بەنهێنی بڵاوبوویەوە

ئەوانەی سیستەمی ویندۆز بەکاردێنن، دەزانن هەتاکو ئێستا ڤێرژنی ١٠ ویندۆز بڵاوبۆتەوە، ئەم ڤێرژنە گەلێکجاران ئەپدەیت کراوە و شتی نوێی و توانای نوێی بۆ زیادکراوە. ئەوە شەش ساڵ دەبێت کە مایکرۆسۆفت هیچ ڤێرژنێکی نوێی ویندۆزی بڵاونەکردۆتەوە. بڕیار وایە لەم ماوەیەدا رەنگە بەر لەکۆتایی ئەمساڵ بێ، ڤێرژنی نوێی ویندۆز کە بە ویندۆز١١ ناسراوە بڵاوبکاتەوە. هەرچەندە ئەو ویندۆزەی کە بڕیاروایە بڵاوببێتەوە، دزەی کردۆتە دەرێ و بە نهێنی بڵاوبۆتەوە. ویندۆز١١ چەندین تایبەتمەندی تێدایە کە لە ویندۆز١٠دا نییە، بەشێك لەو تایبەتمەندییانە لە windows10xدا هەبوون. ئاسانکاری زۆری تێدایە. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ویندۆزەکە راستەوخۆ لەسەر ویندۆز١٠ ئەپدەیت دەبێتەوە و بەبێ ئەوەی هیچ لەو پرۆگرامانەی لەسەر ویندۆزەکە هەن بسڕێنەوە. بەشی (تاسك بار) واتە شریتی خوارەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لۆگۆکەی لە پەنجەرەیەکی لارەوە بۆتە پەنجەرەی راست. بەشی ستارتەکەی کە لەلای راستی ویندۆزدەیە دەکرێت بە ویستی خۆت بۆ لای چەپ یان راست بجوڵێندرێ. لەیەك کاتدا دەتوانی چەندین پەنجەرەوە پێکەوە بکەیەوە و کار لەسەر هەموویان بکەی و گەلێك تایبەتمەندی دیکەش. نازاندرێ ئەو ویندۆزە بەراستی ویندۆز ١١یە یان جۆرێکە لە فێڵکردنی مایکرۆسۆفت بۆ ئەوەی هەتا ویندۆز١١ دەردەچێت خەڵك سەرگەرم بکا.






## ماڵپەڕێک بۆ دۆزینەوەی بابەتی زانستی

هەرکاتێك ئێمە کاری بەدوادا گەڕان بکەین، بە گشتی روو لە ماڵپەڕی گوگل دەکەین، گوگڵ لە دۆزینەوەی بابەت و وێنە و مەبەستەکاندا بەراست یەکەمە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ گەڕانمان تەنیا بەدوای بابەتی زانستیدا بێ، وتار و کتێبی زانستی. بۆ ئەم مەبەستە گەلێك ماڵپەڕ هەن، بەڵام دیسان گوگل لە ریزی یەکەمەکاندایە.. بەڵام نەك ماڵپەڕی گوگڵ! بەڵکو بەشێك لە گوگڵدا کە پێی دەگوترێ https://scholar.google.com/ ئەو بەشەی گوگڵ تەرخانکراوە بە دۆزینەوەی بابەت و ماڵپەڕ و کتێبی زانستی.. هەتا ئێستا زیاتر لە ١٦٠ ملیۆن بابەت و ماڵپەڕی زانستی لەخۆی گرتووە. بەهەر زمانێکیش کە بخوازی دەتوانی بابەتەکان بدۆزیەوە..